# پارتی و پرسی دیموکراسی

## پشتیوان سادق

## خەڵكی زیادە ڕۆڵی دەكات لە مومارەسەی دیموکراسیدا

دیداری هەردی مەهدی
نێردراوی لڤین بۆ هەولێر

**هاوكات لەگەڵ بانگەشە و دروشمەكانی دیموكراسیبوونی دەسەلاتی كوردی و لێدان لە بارەی ئەزموونی دیموكراسی لەم ئەزموونە پانزە ساڵییەی ئێمەدا، لێرەو لەوێ بەردەوام پرس و گومان و ئاماژەی سلبی دەدرێتە پاڵ پرۆسەی دیموكراسی لە كوردستاندا، لە هەمووكاتێكیش زیاتر ئەم چەند مانگەی دوایی و ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و دەرەكی زیاتر و سلبیانەتر لەم پرۆسەی دیموكراسی دواون، ئەمەش پاش ئەو چەند ڕووداو و كارەساتانەی لە ڕوبەڕووی دوو ئیدارەكە بوونەوە، بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ڕەوشی دیموكراسی لە دەڤەری هەولێر و خستنە ڕووی ئەو چەند پرسیارانەی كە ڕوبەڕووی دەسەلاتی حزبی دەبنەوە لەو ناوچەیەدا، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ بەڕێز « پشتیوان سادق »ـی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستاندا سازكرد.**



دیموکراسی نەخۆشە و لە نەخۆشخانەیە

**لڤین : بەڕێزتان چۆن ئەڕواننە پرۆسەی دیموكراسی لە پانزە ساڵی ڕابردووی كوردستاندا و لە چ ئاستێكدا دەیبینن؟**

پشتیوان سادق : پرۆسەی دیموكراتی لە كوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق و ناوچەكەدا، دەتوانین بڵێین. ئاستێكی باشی هەیە، بەلام زۆرجار بە پێچەوانەوە لە بابەتەكە دەگەین، گرنگ ئەوەیە دیموكراسی بە شێوەی پانتایی و ئاسۆیی لە ناو خەڵكدا بلاوبێتەوە، ئەگەر دیموكراسی بە شێوەی عەمودی بێت، ئەوا دیموكراسی تووشی كاردانەوە دەبێت، بۆئەوەی ئەم پرۆسەیە بەشێوەی پانتایی بڕوات پێویستمان بەوە هەیە كە خەڵك وشیاركەینەوە و لە پرنسیپەكانی دیموكراسی بگات و بزانێ دیموكراسی مانای چییە، چونكە زۆرجار هەموومان باسی دیموكراتی دەكەین، بەلام لە ڕووی عەمەلیەوە نازانین دیموكراتی مانای چییە، كەواتە بۆئەوەی دیموكراتی بیت پێویستت بە پلان و ئامڕاز هەیە، ئەگەر ئەو دووانەت هەبوو، ئەوكاتە دەتوانی بڵێی بەشێوەیەكی باش دیموكراتی لە ولاتەكەماندا هەیە، لە ڕووی تەعەدودییەت و ئەحزابەوە لە كوردستان تارادەیەكی باش ناڵێم زۆر پێشكەوتووین، ئازادی ڕا دەربڕین هەیە، ئازادی گفتوگۆكردن هەیە، لەوانەیە ئەگەر شەڕی ناوخۆ نەبوایە دیموكراتی لە ولاتی ئێمە زیاتر پێش دەكەوت، بەلام دیارە میللەتی ئێمە وەكو زۆر ولاتانی دنیاین كە بەو قۆناغەدا تێپەڕ بوون و شەڕی ناوخۆیان كردووە، لە ئەورووپا جەنگی جیهانی دووەم زیاتر لە پەنجا ملیۆن كەس كوژرا و هیچ بینایەك لەسەر ئەرز نەما، بەلام ئێستا نموونەی پێشكەوتووی دیموكراتین.

كەواتە ئێستا ئەبێت بڵێم، كە لە

کوردستان نەك سەرەتا، بەڵكو لە نەوەدویەكەوە سەرەتای دیموكراتیم بینی، بەلاّم لە ساڵی «97-95» دیموكراتییەكە ڕاوەستا، بەرەوپاش گەڕایەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، بەلاّم دوای ئەوەی دیموكراتی بەشێوەیەكی زۆرباش بەرەوپێش چوو، ئێستاش لەیەكخستنەوەی هەردوو ئیدارە كە مونافەسەی حزبی ناشەریف نامێنیٚ، دیموكراتی زۆر زیاتر بەرەوپێش دەچێت، بەرەو موئەسسات دەچیٚ، عادەتەن وایە كە ولاّت بەرەو موئەسسات دەچێت، یەكسانی پەیدا دەبێت، ئازادی و پرنسیپەكانی دیموكراتی زیاتر جێی خۆیان دەكەنەوە.

**لڤین : بەلاّم لەم دواییانەدا و لە ڕۆژنامە بیانیەكاندا. بەوجۆرە وەسفی دیموكراسی ناكەن لە كوردستان، ئەگەرچی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە ئیجابی باسی دۆخی دیموكراتیان كردووە، بەلاّم چەند مانگێكە ئاماژەی خراپ لەسەر دیموكراسیەتی كوردستاندا دادەنێن، بەتایبەتی دوای چەند ڕووداوێكی ئەمساڵ لە هەردوو دەڤەرەكەدا، ئێوە ئەم حاڵەتە بە پاشەكشە نابینن ؟**

پشتیوان سادق : دیارە هەر ڕۆژنامە نووسێك كە شتێك دەنوسیٚ گوزارشت لە ڕای خۆی دەكات، هەڵسەنگاندنی دیموكراتی لە كوردستاندا لەوانەیە ڕێكخراوێكی «NGO» كە سەر بە ئاژانسەكانی نێودەوڵەتی بێت بتوانێت دیموكراتی هەڵسەنگێنێت، ئایا كوردستان لەو ڕووەوە چەند پێشكەوتووە، یان دواكەوتووە؟ ئەو یەك دوو ڕوداوەی كە ڕوویداوە لە كوردستاندا تەئسیری هەیە، بەلاّم ئەمە واتای ئەوە نییە كە دیموكراتی بەرەو پاش گەڕابێتەوە، شەرت نییە هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامە بیانییەكان ڕاست بێت.

**لڤین: بەلاّم ڕووداوەكان كارەساتیان لێكەوتەوە، حاڵەتی خوێن هەبووە، خەڵك كوژراوە، ئەمە مەترسی نییە بۆ پاشەكشە و پرسی دیموكراتی؟**

پشتیوان سادق : خۆزگە ڕوینەدابا، شتێكی باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبیٚ وشیاری دیموكراتیش لەناو خەڵك بلاّوبێتەوە، تۆ خۆپیشاندان دەكەیت دەبیٚ مۆڵەتت هەبێت و توند و تیژی نەكەیت، ئەوانەی هەڵەبجە حەقی خۆیان بوو خۆپیشاندان بكەن، لەبەرئەوەی هەڵەبجە مەغدورە، هەڵەبجە دەبوایە زیاتری بۆ بكرایە، خەڵكی هەڵەبجە و خاكی هەڵەبجە حەقی لە سەرمانە، بەلاّم نەدەبوایە ئەو مۆنۆمێنتە بسوتێنریٚ، كە سوتێنرا «ردفیعل» بوو.

**لڤین : بەلاّم تۆ مامەڵەی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش چۆن دەبینی؟ لە كاتێكدا زۆربەی سەرچاوەكان دەڵێن تەقە كراوە ئەوجا خۆپیشاندەران توڕەبوون ؟**

پشتیوان سادق : لەڕاستییدا هێزی پۆلیسی ئێمە گرفتی لەوەدایە، چۆن بتوانیٚ لەكاتی وادا كۆنترۆڵ بكەن و تەقەش نەكەن، حەتمەن نەدەبوایە تەقەیان بكردایە، تەقەكە شتێكی خراپ بووە، بەلاّم بەهەرحاڵ نەدەبوو ئەو مۆنۆمێنتە بسوتێنرایە، لەوانەیە ئێستاش بەرگری لەوە بكەم كە خەڵكی هەڵەبجە حەقیەتی، هەڵەبجە ئاوەدان نەكراوەتەوە، هەڵەبجە هیچی وای بۆ نەكراوە كە شایەنی ئەو خەڵكە بێت.

**لڤین: «مەریوان وریا قانع» ئاماژە بەوە دەكات كە پرۆسەی دیموكراتی لە دەڤەری هەولێردا نا هەموارترە وەك ئەوەی لە سلێمانیدا ؟**

پشتیوان سادق: ڕەئی خۆیەتی ئەوە، مەریوان یەكێتی نییە، ئەدی؟ ئەوە بە دووربینی خۆی تەماشا دەكات، ئێمەش دووربینی ترمان هەیە، تەماشای دەكەین.

**لڤین : ئەی كارەساتەكان كە لێرە و لەویٚ ڕودەدەن چی لێبكەین؟ بۆ نموونە لەسەر نووسین و ڕۆژنامەگەری گرتن هەبووە و توندوتیژییەكانی كاتی هەڵبژاردن...؟**

پشتیوان سادق : وەك سەرەتا پێموتن، هوشیاری و ڕۆشنبیری و دیموكراتی لەناو كۆمەڵگەی ئێمەدا، چ وەكو جەماوەر چ وەكو دەسەلاّت وەكو پێویست بلاّونەبۆتەوە، وەك ئەوەیە بچیتە عەیادە و دكتۆر پێت بڵێت ئەم حەبە بە جورعە ڕۆژی دوو حەب بخۆ، بەلاّم ئەگەر هەموویت پێكەوە خوارد تووشی موزاعەفات دەبیت، ئێمەش بە تەواوی و بەڕاستی لە دیموكراتی نەگەیشتووین، هەروەكو ووشە بەسەر زار گوتومانە و وا تێدەگەین دیموكراتی مانای ئەوەیە ئەگەر من وتم ڕەش تۆ بڵێی سپی، یان «تەعنە» لە فلاّن شت بدەین، مەسەلەی دیموكراتی زۆر دوور و لەوە قوڵترە وەك ئەوەی لە ڕاگەیاندندا باس دەكرێت.

**لڤین : بەڕێزت وتت ئامرازو پلان پێویستن بۆ دیموكراسی، تۆ پێتوایە هەڵەكە لە كێوەیە؟ لە كاتێكدا پۆلیس یان خەڵك كارەسات دروستدەكەن؟**

پشتیوان سادق : دەبیٚ ئێش بۆ ئەوە بكەین بە هەموولایەكمانەوە هەوڵبدەین، هەم لە دیموكراتی بگەین، هەم بزانین بەرامبەر دیموكراتیش چۆن تەعامول دەكەین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە قوتابیانی زانكۆیە دەوریان تێدا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕەگ و ڕیشەوە كلتوری كۆمەلاّیەتی ئێمە بگۆڕن، هەروەها هەموو ئەوانەی (ئیحتكاك) و پەیوەندیان لەگەڵ كۆمەڵگەدا هەیە، دەبێت ئەمانە هەوڵ بدەن ئەو ناتێگەشتنە لە دیموكراتییەت چییە، چاكی بكەن.

**لڤین: تۆ باسی دەوڵەتی موئەسسی دەكەیت، بەلاّم لە ولاّتێكدا كە حزب و حكومەت تێكەڵ بوو كێشە دروست دەبێت لە پرۆسەی مەدەنی و دیموكراتیدا، ئێوە ئەمە چۆن ئەبینن لە كاتێكدا هەندیٚ كێشە هەیە لە بارەگا حزبییەكاندا**

**چارەسەر دەبێت؟ وەك كێشەی خۆپیشاندەرانی هەولێر لە لقی دوو بەدوای چارەسەریدا گەڕان نەك لە پەرلەمان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران هاتن بۆلای ئێوە بۆ چارەسەری گرفتەكەیان؟ ئەمە تێكەڵی نییە ؟**

پشتیوان سادق : حزب كاری ئەوەیە كە ڕەئی جەماوەر بەدەسەلات بگەیەنێت، حزب ڕەقیبە، یان چاودێرە ناڕاستەوخۆ لەسەر ئیش و كارە باش و خراپەكانی حكومەت، زۆر ئاساییە كە خەڵك بۆ خۆی بلێت من دێمە حزب بۆئەوەی حزب ئازارەكانی من بگەیەنێتە دەسەلات، لە هەمانكاتیشدا خەڵك ئازادە بۆئەوەی بچێتە بەردەم دامودەزگای حكومەت، كەواتە ئەگەر هاتە بەردەمی لقی دوو داوایەكی هەبوو زۆر شتێكی سروشتییە، خەڵك هەیە دەچێتە بەردەرگای مزگەوت و كەنیسە.

**لڤین : بەلام حالەتەكەی كوردستان ڕەنگە خوێندنەوەی تری بۆ بكرێت، ئەوە بێئیرادەیی دەزگا حكومییەكانە لە ئاست كێشەكاندا، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر لق و مەلبەندەكان؟**

پشتیوان سادق : ئەوەش تێڕوانینێكی هەڵەیە، شەرت نییە وابێت.

**لڤین: بەلام پێش چەند مانگێك یاداشتێك دەدرێتە پەرلەمان و لەوێ ڕێپێوان ئەكرێ، بەلام كە پەرلەمان وەلام ناداتەوە یان بێ دەسەلاتە، خەلك چیبكات؟ بۆیە ئەمجارە دەچنە جێگەی دیكە یان بەردەم بارەگا حزبییەكان، ئەمە كێشە نییە؟**

پشتیوان سادق :: خۆی ئێمە كێشەمان زۆرە، بەلام لەگەڵ یەكخستنەوەی حكومەت، تەسەور دەكەم ئەو كێشانە كەم بێتەوە، هەموو ئەو شتانەی كە دروستبوون لە ئەنجامی تەرەسوباتی شەڕی ناوخۆوە بوون، بەلام لەمەودوا باشتر دەبێت، بۆ نموونە ئەمڕۆ هەموو بەرپرسەكان و لقەكان و ژمارەیەك كارگێڕ و بەرپرسی مەلبەندەكان بە سەرپەرشتی مەكتەب سیاسی پارتی و یەكێتیكۆبوونەوە، بۆئەوەی لەمەودوا ئەو حالەتانە نەمێنێ و بەڕۆحێكی تر ئیشەكان بكرێت، بۆئەوەی دیموكراتی زیاتر بەرقەرار بێت.

**لڤین : بەلام ئەی تەداخولاتی ئێوە وەك لق لە كاری حكومی و تەزكیەكردن و بە حزبیكردنی دەستگاكان و قۆرخكردنی كورسییەكانی خوێندنی بالا، ئەمە مەسەلەیەكی سامناك نییە بۆ دیموكراتی و مەدەنیەت لە كوردستاندا؟**

پشتیوان سادق :: تەداخولاتەكان، ئاوها نییە، تەداخول هەبووە، بەلام كەم بووە، بۆ لەمەودوا ئەو قۆناغەی كە دێتە پێش قۆناغێكی نوێیە، هەنگاوی نوێی دەوێ ئەگەر وانەكەین پاش دەكەوین، من بڕوام بەوە هەیە ئەو كەموكوڕییانە لە ((90٪))ی نامێنێ، ئەوەی تۆ باسیدەكەی هەمووی دەچێتە خانەی ڕابردووەوە، ئەوانە چوونە ناو لاپەڕەكانی مێژووە.

**لڤین: بەلام ڕووداو و كارەساتەكانی ئەمسالْ بەجۆرێك بوون كە ڕەنگە لە چەند سالی پێشوودا ئەوە نەكرابێ، بۆ نموونە لە هەلەبجە، بە فیشەك وەلامدەدرێتەوە، توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەكرێ، لە هەلەبجە و كەلار و ئاكرێ، ڕۆژنامە نووسێك لەسەر قسەكردن دەسگیر دەكرێ؟ ئەمە پاشەكشە و مەترسی گەورە نییە لەسەر دیموكراسی؟**

پشتیوان سادق : ئێمە لە هەولێر تەقەمان لە خۆپیشاندەران نەكردووە، بەلام بۆ ڕۆژنامە نووس دووجۆر ڕۆژنامە نووس هەیە، هەندێك هەیە فیعلەن ڕۆژنامە نووسە، قەڵەمی حەق و عەدالەت و ڕەخنەی بونیاتنەر و قەڵەمی خەمخۆری و دڵسۆزییە بۆ ولات، بەلام هەندێك ڕۆژنامە نووس قەڵەمەكانیان ژەهرن، ئینسانی فاشیلن لە خوێندندا، لە پێشمەرگایەتیدا، لە فەرمانبەریدا، لە ڕۆشنبیریدا، قەڵەمەكانیان ژەهرە، بێ مەعریفەتن، هیچ لە دنیای دیموكراتی نازانن، هیچ لە دنیای ئینتما بوون بۆ خاك. ئینسانێكن دەیانەوێ بە قەڵەمە ژەهراوییەكەی خۆیان سەر و بیچمی خۆیان بەدەربێنن، ئەوانە خوێنمژن، ئەوانە قالبەكەیان سیفەتی ڕۆژنامەوانییە، بەلام مەكینەكەیان مەكینەی پیسی و پۆخڵییە، ئەوانەشمان هەیە.

**لڤین: ئەو حالەتانەی ئەو دواییەی گەنجان و ناڕەزایی خەلك، پێتانوانییە ئەمە دابڕانی دەسەلات و خەلكە؟**

پشتیوان سادق : نا ئەوە حالەتێكی ئاساییە، ڕۆژانە لە ئەمریكا و ولاتان دەكرێت، خۆپیشاندان نیشانەی دیموكراسییە، ئەگەر نەكرێ یانی دیموكراتی نییە، بەلام تەنها ئەوەندەیە تۆزێ خۆپیشاندانەكان تەنزیم بكرێن.

**لڤین: بەلام خۆ ئامانج لە خۆپیشاندان، خودی خۆپیشاندان نییە، بەلكو چارەسەری داواكارییەكانە ، ئەمە جیاوازیەكە نییە لە خۆپیشاندانی كوردستان و ڕۆژئاوا؟ لەوێ بەدەم چارەسەرەوە دەچن، بەلام لێرە بەوجۆرە نییە؟**

پشتیوان سادق : وایە خۆپیشاندان زیاتر داواكارییە، بەلام هەندێ شت هەیە لە دەسەلاتی ئێمە نییە، هەندێكی بە پێچەوانەوە، لە دەسەلاتماندا هەیە و بە عەمدی نایكەین، دەبێت بە مەنتیقی تەماشای بكەین، دەبێت بزانین كە ئایا دەسەلاتی ئێمە چی پێدەكرێت و نایكات، چ شتێكیش لە دەسەلاتدا نییە، بەلام هەندێكی سوچی دەسەلاتیشی تێدایە، كاتێك ئیش دەكەن بۆ خەلكی ڕوونی بكەنەوە، كە كارەكە چۆنە، چ كراوە و كات دیاری بكەن بۆ ئیشەكە، بەلام لێرە لێكتێنەگەیشتن هەیە لە نێوان كێشەكان و چارەسەرەكان.

**لڤین: تۆ پێت وایە خەلك زیادەڕۆیی دەكەن لە مومارەسەی دیموكراتیدا یان حكومەت و حزب كەمتەرخەمە؟**

پشتیوان سادق : هەردووكیان، بەلام هەنگاو دەنێین بۆ چارەسەر.

**لڤین: كەواتە گرفتی دیموكراسیەتەكە لە كوردستان چییە؟**

پشتیوان سادق :: دیموكراتی لە وردستان تۆزێك نەخۆش بووە و ئێستە داخلی نەخۆشخانە بووە و پشتبەخوا بە سەلامەتی دێتە دەرەوە.